# چۆپی فەتاح لە٢ کلیپی نوێدا



لە سەردانێکی کتوپڕی هونەرمەند چۆپی فەتاح بۆ کوردستان، لە هەولێر سەردانمان کردو لێمان پرسی : کێ لە پشت هاتنەوەی ئەمجارەتە ؟! ئایا لەسەر داوای وەزارەتی رۆشنبیریە یان لەسەر خواستی خۆتە؟! بەڕێزیان لە وەڵامدا گوتی: سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە، من ئەمجارە لەسەر خواستی خۆم هاتوومەتەوەو کەس بانگهێشتی نەکردووم. بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری هاتووم. ئەویش کلیپکردنی دوو گۆرانیە کە چەند مانگ پێشتر لە دوایین ئەلبوممدا بڵاوکرابوونەوە. گۆرانی یەکەمیان بمبەخشەیە کە ئاواز و هۆنراوەی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە، ئەوی دیکەشیان بە زاراوەی کرمانجی ناوی (هێدی هێدی) یە، ئاوازی ئیدریس باڵتەیی و هۆنراوەی (کەریم بەدەل باڵتەیی) یە. هەروەها لەبەرنامەشمدایە چەند کۆنسێرتێک لە ئوردەن و وڵاتانی ئەوروپادا ساز بکەم، بەڵام جارێ دیارنیە کەی و لە کوێ بەڕێوەدەچن. سوپاسی هەفتەنامەی رۆژی گەل و سوپاسی ئێوەش دەکەم.

# فکری بەرۆژی لە کارێکی سینەماییدا

ئێستا هونەرمەند فکری بەرۆژی خۆی بۆ کارێکی سینەمایی ئامادە دەکات ، بەرهەمەکە ناوی حەشارگەی شێرانە، لە سینایۆی خۆی و هێسور رۆڵدانە کە سینەماکارێکی ئەمریکیە، بەڕێوەبەریتی سینەمای سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی دێنێ. بڕیارە لەم مانگەدا دەست بە کاری وێنەکرگرتنی بکرێ. فیلمەکە باس لەسەردەمی رژێمی بەعس بارودۆخی ئێستای عێراق دەکات و دیمەنەکانی ئەو رۆژانە دەخاتە بەرچاوان.

بەڕێوەبەری بەرهەم سەردار بابەکرە، ماریۆ ئۆرتیس و کورت براون سەربەکۆمپانیای وێردی کالیفۆرنیان وێنەی دەگرن، ماوەی بەرهەمەکە ١١٥ خولەکە.

# هاوکارێکی رۆژی گەل رێزی لێدەگیرێ



بەرواری ٢٢-٥-٢٠٠٧ رۆژنامەی ڕێبازی ئازادی بەبۆنەی بیست و شەش ساڵەی دەرچوونیەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی بەسەر چەند رۆژنامەوانێک دابەش کرد، رۆژنامەنووس ڕێبواری ئازادی، هاوکاری هەفتەنامەکەمان یەکێک لەوانە بوو کە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.

کاک فەرید زامدا سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسان خەڵاتەکەی پێدا، بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی لێدەکەین.

# قادر ئەسعەد بەرەو کۆتایی ئەلبومەکەی دەچێ

لە پێوەندیەکی تەلەفۆنیدا، هونەرمەندی گۆرانیبێژ (قادر ئەسعەد) بە هەوادارنی خەڵکی کوردستان و خوێنەرانی هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە سەردانەکەم بۆ وڵاتی تورکیا بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری هونەری ئەلبومە نوێیەکەم بوو کە ئێستا بەرەو کۆتایی دەچێ و یازدە تراکی لەخۆی گرتووە کە هەڵبژاردەی هۆنراوەی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێوو هەندێک شاعیری ترن. ئاوازی بژار دیلان و رۆستەم، خۆشیش بە ئاوازو هۆنراوەیەک هاوکاری لە ئەلبومەکەمدا کردووە. یەکێک لە گۆرانیەکانم لەسەر کەرکوکە، هۆنراوەی مامۆستا محەمەد مەنگوڕی، من و بژار دیلان ئاوازمان بۆ داناوە. بۆ لەئەستۆ گرتنی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلبوومە چاوەڕێم بۆندێک لەگەڵ کۆمپانیایێک ببەستم.

قادر ئەسعەد پێیراگەیاندین کە دوو گۆرانیبێژی تورکی گۆرانیەکانی ئەویان گوتۆتەوە، عەلی شان گۆرانی لێوەرە، جەیلانیش گۆرانی گوڵێ گوڵێ گوتوومەتەوە، من لێرەوە سوپاسیان دەکەم کە گۆرانی منیان هەڵبژاردووە.

# تارا رەسول خەریکی ئەلبوومەکەیەتی

تارای رەسول دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی سوید لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا پێیراگەیاندین : لە کوردستان خەریکی هەندێ کاری ئەلبوومەکەم بووم، بەڵام بەهۆی خوێندنەکەم لە وڵاتی سوید کاتی زیاترم نەبوو لە کوردستان بمێنمەوەو گەڕامەوە سوید، پاش ئەوەی لە مانگی حوزەیران خوێندن تەواو دەکەم، زۆریشم حەز دەکرد کە دایکم لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندنم لە سوید ئامادە بووایە، بەڵام بەداخەوە ناتوانێ بگاتە ئەوێ و بەشدار بێ، بۆیە لەبەر خاتری دایکم وگوێگرانم بڕیارم داوە بگەڕێمەوە وڵات و ئاهەنگێکی گەورە لە کوردستان ساز بکەم.

تارا رەسول گوتی: ئەگەر کارەکان زوو تەواو ببون لەوانەیە ئاهەنگەکە لە مانگی ئاب لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ، بەڵام تا ئێستا کات و شوێنی ئاهەنگەکە دیاری نەکراوە.

هونەرمەند تارا رەسول پێیڕاگەیاندین یەکەمجار نیازی هەبووە لەگەڵ هونەرمەند حەسەن بەجووتە بۆ مەرگی دوعا، ئەو کچە ئێزدیەی کە بە درندانە بلۆک باران کراو کوژرا، گۆرانیەک بچڕن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە هونەرمەند سەرکەوت رەسول کردووە کە هۆنراوەیەکی جوان و پوختی بۆ بنووسێ، بەڵام دوایی بەباشی زانیوە کە *کاک حەسەن بە تەنیا ئەو گۆرانیە بڵێ ، چونکە گۆرانیەکە کارێکی مرۆڤانەیە، بەهۆی تاوانێکەوەیە دژ بە ئافرەتێک ئەنجام دراوەو نابەجێیە .*

*لە کۆتاییدا تارا رەسول گوتی : سوپاس بۆکوردستان، بۆ دایکم،بۆ هەفتەنامەی رۆژی گەل و بۆ ئێوەش*

***ئامادەکردنی: رەوەند حاجی***

# دەروون دونیا

## کوفری نیشتمانی

دەڵێن حکومەت باوکی میللەتە، بۆیە ملکەچی بڕیارەکانی حکومەت دەبم، چونکە بە بەرپرس و گەورەی خۆمی دەزانم. خودا دەفەرموێ دوای ملکەچکردن بۆمن، دەبێ مل بۆ باوکت کەچ بکەیت، بەڵام ئەگەر ئەو باوکە بۆ سەر کوفری بردیت، دەبێ بە قسەی نەکەیت و لێی هەڵگەڕێیتەوە. بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر ببینم حکومەت خزمەتم ناکات، گاڵتە بە سەروەریەکانم دەکات، دەیەوێ واژۆ لەسەر کۆمەڵێ بڕیاری هەڵە بکەم، هەرگیز بە قسەی ناکەم. من بۆ خۆم میللەتێکم پێبەندی کۆمەڵێ یاساو دابونەرێتی تایبەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی خۆمم، هەر کەسێ بیەوێ لەژێر هەرناوێکەوە بنەماکانی ژیانم لێ بشێوێنێ و مێژووەکەم لێ تێک بدات، با دڵنیا بێت کە لێی قەبوڵ ناکەم.

من کوڕی نیشتیمانێکم کە هەر زەڕڕەیەک لە خاکەکەی بە خانەیەکی جەستەی دایکمی دەزانم، بۆیە چۆن هەموو بەیانییەک دەستی دایکم ماچ دەکەم، ئاواش بۆنی خاک و ماچی داروبەردی نیشتمانم دەکەم. ئەوەی پەنجەیەک بۆ نیشتمانی دایکم درێژ بکات، من دەستێکی دەبڕمەوە. منی میللەت مادام حکومەتم هەیە، وا دەزانم باوکێکم هەیەو ئاگای لە دایکمە، بۆیە زۆرجاران خەریکی کاری خۆم دەبم و پاراستنی نیشتمانی دایکم بە ئەرکی سەر شانی باوکم دەزانم، بەڵام ئەگەر بزانم باوکیشم بە حکومەت و سەرۆکەکەیەوە بە راستی بەرگری لێناکەن، ڕێزی لێ ناگرن، زامەکانی تیمار ناکەن و لەبەرانبەریدا کوفری نیشتمانی دەکەن، خەریکی رابواردن و کارە تایبەتیەکانی خۆیان دەبن و بیر لەوە ناکەنەوە کە کراسێک بەبەر دایکمەوە بکەن، ئەوا منیش بە باوکی خۆمیان نازانم و لێیان هەڵدەگەڕێمەوە!

ئەمە کوریە چیرۆکی ژیانی نێوان گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمە کە ئێستا خۆی بە باوکی میللەت دەزانێ.

شازدە ساڵە کە هێزی راپەڕین داگیرکاری لە کوردستان وەدەرناوە، خۆمان فەرمانڕەوایی خۆمان دەکەین، کەسێک نییە لەناوخۆ بەری دەستی حکومەت بگرێ، لەکاتێکدا ئەگەر بیەوێ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بکات.

دوای نەمانی دیکتاتۆر ئەگەر مەبەستیان بووایە کاودانی زۆر لەباربوو، چارەسەری کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستانیان بکردبووایە، بەڵام بۆچی نەیانکرد؟! ئەمە پرسیارێکەو رۆژانە لە مێشکی تاک بە تاکی ئەم میللەتە دەزرنگێتەوە کە جگە لە گرێبەستە نهێنیەکانی پشت پەردەوە، تاقە وەڵامی ئەو پرسیارە بەرەڵڵاکردنی دایکی نیشمانە لەلایەن باوکمەوە بەبێ گوێدان بە باج و مارەییەکەی!

# دەوڵەت، نەتەوە

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی یازدەهەم و کۆتایی

A- یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت

بیردۆزی یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت ماوەیەکە بوونی هەیە. ئەم بیردۆزە وەک بنەما بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی ئاماژەی پێکراوە. ماتسینی MAZZINI یەکەمین کەس بوو کە ئەم بیردۆزەی راگەیاند. جان ستیوارت میل یەکێ لە لایەنگرانی بەرجەستەی ئەو بیردۆزە بوو.( مارکس ، ئەنگیس و لینین)یش ئەو بیردۆزەیان بەمافی چارەنووسی نەتەوەیی ویستراو دەزانی. لە یەکەمین جەنگی جیهانی و دوای جەنگیش، ویلسۆن سەرکۆماری ئەمریکا پشتگیری لەو بیردۆزەدا کرد.

ئەم بیردۆزە واتای ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەک دەبێ بەشێوەی یەک دەوڵەتی سەربەخۆ رێک بخرێن. جان ستیوارت میل پێیوایە لەهەر شوێنی کە هەستی نەتەوایەتی بەهەر رادەیەک بوونی هەبێ، یەکەمین نیشانەی یەکێتی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە لەژێر فەرمانڕەوایی یەک حکومەت، کە تایبەت بە خۆیان دەردەخات.ئەو یەکێتیەی وەک بەکارهێنانی مەنتقی بونیادی حکومەتی خۆماڵی دادەنا. لەوە باوەڕەدابوو کە : لەو وڵاتانەی کە نەتەوەی جۆراوجۆر هەن، نزیکبوونەوەی دامەزراوە ئازادەکان ئەستەم دەبێ. لەنێو خەڵکی وڵاتێک کە لەنەتەوەی خۆراوجۆر پێکهاتبێ ئاسانترین رێگە حکومەتکردن ئەمە کە سیاسەتی پەرتکەو زاڵبکە، جێبەجێ دەکرێ. لەبەر ئەوەی پێناچێ سەربازانی وڵاتێکی فرە نەتەوە لەگەڵ خەڵکەکەیدا هاوکاری و هاوپشتی لەگەڵ یەکتردا بکەن، هیچ گرەنیەکیش لەبەرانبەر دیکتاتۆری حکومەتدا نابێ.

بیردۆزی حوکمڕانی خۆجێیەتی نەتەوەیی لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کراوە، بەڵگەیەکە بەدەست نەتەوە ناسەربەخۆکانی جیهان، بەوهۆیەوە ئاکاری شۆرشگێڕانەی تایبەت بە خۆیانەوە دەگرن. لەماوەی دەیەکانی رابردوودا ئەم تیۆریە دەربڕینێکی بە تواناو بەڵگەیەکی بەهێز بووەو لەدژایەتی دەستەڵات و فەرمانڕەوا دەرەکیەکان لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین سوودی لێوەرگیراوە.

B- نا شایستەیی دەوڵەتی نەتەوەیی :

لەکاتێکدا کە ڕێچکەو ڕێبازی شۆڕشی دژە ئیستعماری لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین درێژەی پێدراوە، حەزو خواستی پێچەوانەش لە ئەوروپای رۆژئاواو بەشێک لە وڵاتانی ئاسیا- ئەفریقادا سەری هەڵداوە. ئەم ئەندێشەیە زیاترلە نێو دەوڵەتە بچووکەکان دەخرایەڕوو تا بلێن نەک تەنیا رێگرو بەربەستی بەردەم پێشکەوتنی ماددی خەڵکەکە، بەڵکو رێگری بەردەم چارەسەری خێرای پرسە جۆراوجۆرەکانی ئەمنیەت و سەقامگیری و هاوکاریە نێودەوڵەتیەکانیشە. ئەم بیردۆزە زیاتر لە رۆژئاوای ئەوروپا، جیهانی عەرەب، رۆژهەڵاتی ئەفریقا و شوێنەکانی دیکە کە دەیانویست یەکەی سیاسی گەورەتر پێکبهێنن، برەوەی پێدەدرا. هەندێ لە ئارستەکاران یان لایەنگرانی سیستەمی ئیمپراتۆری کەبەرەو نەمان دەچوو، بەم تیۆریە بەرپەرچی حەزو خواستی دیترانیان دەدایەوەو مەدح و ستایشی پەیوەندیە دێرینەکانیان دەکردو خۆیان بەچاکسازیەوە خەریک دەکرد. سەیر نیە ئەگەر بڵێین ئەم ستایشگەرانە لەنێو ئەوانەی کە دەیانویست ئەمان گۆشەگیر بکەن، هیچ رێزو خۆشەویستیان نەبوو. راستین ئەوەیە کە خەڵکانی ژێردەست تا کۆتایی هەر لەبەندو دیلیدا نامێننەوە، ئاور لەو پرۆژەو پیلانانە نادەنەوە کەلەلایەن گومانلێکراوانەوە دەردەچن، بایەخ و گرنگیشیان پێنادەن.

هەمیشە بیرمەندانێک هەبوونە کە بنەمای دەوڵەتی نەتەوەییان خستبێتە ژێر پرسیارەوە، بۆ نموونە لۆرد ئاکتۆن ئەم بنەمایەی بە ناکۆک لەگەڵ ئازادی دادەنا، پێیوابوو کە هەنگاوێکی گەڕانەوەی دواوەی مێژووی ئادەمیزادە. گومانی لە بنەڕەتی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبوو، پێیوابوو کە خۆپەسندو دیکتاتۆری دروست دەکات، تەسک بیرکردنەوەی جیهانی، بێ سەبری و بێ حەوسەڵەیی لێ دەکەوێتەوە. بەهۆی سووربوون و پێداگرتن لە سەر یەکپارچەیی نەتەوەیی شتگەلی نانەتەوەیی پەسند ناکرێ و یەکێ لە مەرجەکانی مرۆڤایەتی پێشێل دەکرێ، بەوهۆیەوە پێچەوانەی ئازادی تاک و سیستەمی دیموکراسییە. بە براوی ئاکتۆن تێکەڵاوکردنی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە یەک دەوڵەتدا مەرجی پێویستی هەبوونی کۆمەڵگەیەکی ژیاری و شارستانییە. لە ئاکامی هامۆشو، هاتن و چوونی بەردەوامی نێوانیاندا هەژارو بندەستان بە ئاستێکی بەرز دەگەن، نەتەوە پڕ شەوق وسوزدارە هەرەشە لێکراوەکانیش توانای ژیانەوە بەدەست دێننەوە. نەتەوە لاوازو دواکەوتووەکانیش دەرفەتی وەئاگاتنیان بۆ دەرەخسێ. تێکەڵاوکردنی نەتەوەکان لەنێو یەک دەوڵەتدا هێزو توانای نیازمەندانە بە نەتەوەکان دەدات تا بەباشی بژین، بۆیە ئەم رێچکەو رێبازە قازانجی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی تێدایەو بەرەو پێشەوەی دەبات. بەکورتی لۆرد ئاکتۆن بەیەکەوە ژیانی چەند نەتەوەیەکی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بە گرەنتی ئازادی دەزانێ. چونکە لەوکایە دەوڵەت ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ تا هاوسەنگی و هاوهەنگی و هاوبەرژەوەندی و خەڵکانی جۆراوخۆر لەبەرچاو بگرێ، ئازادی و دیموکراسی فەراهەم بکات. لەو کاتەدا دەوڵەت هەوڵی دروستبوونی ئەنجوومەن گەلێک دەدات کە ژیانی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند بکات، کۆمەک بە باڵاترین پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ دەکات و مافی تاک دەپارێزێ.

جان ستیوارت میل و لۆرد ئاکتۆن شرۆڤەو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە دەستەواژەی ئەبستراکتیەکان بەیان کردووە. ستیوارت میل پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە هەر نەتەوەیەک دەبێ بە جیاواز دەوڵەتمەداری خۆی هەبێ، لەراستیدا نەتەوە لە مافی بڕیاری ئازاددا بەرسڤی کاروباری خۆی دەداتەوە. گریمانەکەی ئەوەبوو کە دەوڵەتی فرە نەتەوەیی سەرەنجام دیکتاتۆری بەرهەم دێنێ،ئەوە بنەمایەکی دڵنیایی نیە، هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەست دانیە بسەلمێنی کە دەوڵەتی فرە نەتەوەیی لەسەر بنەمای دیموکراسی دانامەزرێ و هاوێرکاری پێرۆ بکات. لۆرد ئاکتۆن لەبیری کردبوو کە نەتەوەکان بۆ رێکخستنی کاروباری خۆیان رەوشی جیاوازیان هەیەو دەتوان ئازاد و سەربەخۆ بن، چونکە رەنگە نەتەوەی سەردەستی نێو دەوڵەتی فرە نەتەوە بۆ لکاندنی زۆرەکی بیانیەکان و کەسانی ئارەزوومەندانە بەڵگەی خۆیان بهێننەوە، تەنانەت جێگەی سەرسوورمانە کە هیچ جۆرە پێشنیارێکی دیاریکراوی لە نووسراوەکەی خۆیدا جێ نەکردۆتەوە کە بزانرێ چۆن دەتوانرێ بە کردەوە رێگری و بەربەست لەبەردەم سەرکوتکردن و هاوێرکاری و جیاکاری نەتەوەیی بکرێ.